# هاوڕێیەتی

چیرۆک: ڤالێنتینا ئوسەییێڤا

وەرگێران: باقیێ نازیێ



هەبوو نەبوو کچێک هەبوو ئەم کچە کەڵەشێرێکی هەبوو، پۆپنەی ئەو کەڵەشێرە وەکو خوێن سوور بوو، کلکی دوو بست دەهاتەوە سەر پشتی و پەڕەکانیشی کاتێک هەتاویان بەردەکەوت بە هەزار و یەک رەنگ دەدرەوشانەوە.

ئەم کەڵەشێرە رۆژانە لەگەڵ ئاسۆ لە خەو هەڵدەستا و بە دەنگە زولالەکەی بانگی دەدا و دەیگوت:

قوو قوو قووووووو.. رۆژباش هاوڕا جوان و میهرەبانەکەم!

پاشانیش بە پەلە بەرەو کچەکە دەچوو، کچەکەش هەندێک دەنکە گەنمی دەخستە سەر دەستی و کەڵەشێریش بە دەنووکەکەی ئەو دەنکانەی دەخواردن و پاشانیش لەسەر کۆشی کچە دەنووست.

ڕۆژێکیان ئەو کچە چووە ماڵی دراوسێکەیـان و مریشکێکی لەوا بینی. مریشکەکەی زۆر خۆشویست و (بەتایبـەتی) دوای ئەوەی زانـی کە مریـشکەکە هـەموو ڕۆژێک هێلکـەیەک دەکات. ئـینجا بە دراوسێکەی گوت:

(تو مریشکەکەت بە کەڵەشێرەکەم ناگۆڕییەوە؟)

دراوسـێکەی پێـی گوت: (بـەڵێ) و مـریشک و کـەڵەشێـرکەیـان گۆڕینـەوە. لە داخـان ملی کەڵەشێرەکە خوار بوو و، پۆپنەکەی شۆڕ بوو، بەلام هیچی لە دەست نەهات. کچەکە کەڵەشێرەکەی دایە دراوسێیـەکەی و مریشکی ئەویشی بردە ماڵ و، هاوڕێیەتی ئـەوان دەستی پێکرد. کچەکە زۆر چاودێری مریشکەکەی دەکرد و مریشکەکەش ڕۆژانە هێلکەیەکی دەکرد و دەیگوت:

- قد قد قد قدیش ... هاوڕێیەکەم وەرە ئەم هێلکەیە بۆ چێشتەکەت ببە و، نۆشی گیانت بێت.

- کچەکەش دڵی زۆر خۆش دەبوو و مـریشکەکەی دەخستە سەر قـاچی و دەنکە گەنمی دەدانا و بە پەنجە ناسکەکانی پەڕەکانی شانە دەکردن. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکی ئەو، مراوییەکی خۆی بردە سەردانی کچەکە.

کـاتێک چاوەکانی کچە بە مراویەکە کەوتـن، زۆر حەزی لێکرد و تا هاوڕێیەکەی مراویەکەی خۆی بە مریشکەکەی ئەو نەگۆڕییەوە نەوەستا.



مریشکیش وەکو کەڵـەشێرەکە زۆر داخی خوارد، بەلام وەکو کەڵەشێرەکە هیچی لە دەست نەهات و بە چارەنووسـی خۆی رازی بوو. لەو کـاتەوە هاوڕێیـەتی کچە و مـراویەکە دەسـتـی پێکرد و رۆژانە پێکەوە دەچوونە سـەر رووبار، پێکەوە مەلەوانیان دەکرد و کاتێک کچەکە بە ناو رووبارەکەدا دەچوو مراویەکە بانگی دەکرد:

بگەڕێوە هاورێکەم! ئەو شوێنە قووڵە، نەوەک ژێر ئاو بکەوی.

ماوەیەک تێپەڕی رۆژێکیان هاوڕێیەکی تری کچەکـە لەگەلأ توتکە سەگەکەی خۆی هاتە ماڵی ئەو.

کاتێک کچە ئەو توتکە سەگە شیرینەی بینی، یەکسەر کەوتە دڵی و لە هاوڕێیەکەی پاڕایەوە کە لەگەڵ مراویەکەی بیگۆڕێتەوە.





کاتێک مراویەکە ئەم قسانەی بیست زۆر تووڕە بوو، هەرچەند واق واقی کرد، بەڵام سوودی نەبوو هاوڕێکەی مراویەکەی خستە بن باڵی و بردیەوە ماڵی خۆی.

کچەکەش توتکە سەگەکەی خستە ناو کۆشی خۆی و دەستی بە سەر و پشتی دا دەهێنا و دەبرد و لەگەڵیشیدا گوتی:

- من کەڵەشێرێکم دا بە مریشکێک، مریشکەکەم دا بە مراویەک. (مریشک)یشم دا بە توتکە سەگێک.

کاتێک توتکەکە ئەم قسانەی بیست، کلکەکەی شۆڕ کردەوە بۆ ناو قاچەکانی و چووە گۆشەیەک و خۆی مات کرد، تا بووە شەو و خەو کچەکەی بردەوە، ئەو کات توتکەکە خۆی بە لەپەکوتە گەیاندە دەرگا، دەرگای کردەوە، هەڵات و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- من نامەوێت ببمە هاوڕێی کچێک کە نرخی هاوڕێیەتی نەزانێت و بەیانی منیش بە فەرخە پشیلەیەک یان مشکێک بگۆڕێتەوە. بەیانی کاتێک کچەکە لە خەو هەڵسا توتکە سەگەکە لە جێی خۆی نەما بوو، چەندەش گەڕا نەیدیتەوە.

بەڵام تا ئێستاش کەس نازانێت ئایا ئەو کچە زانی یاخود نەیزانی لەبەرچی ئەو توتکە سەگە بزر بوو.

